The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
*ÇAK*
contact@chak.info

# سەدان هاووڵاتی و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر و دەزگای کوردی پشتگیری لە کەمپینی " ڕۆژی تۆڵەی ئەنفال " 2007-6-10 دەکەن

**لە ڕۆژی 2007-5-10 ەوە ناوەندی چاك کەمپینێکی جەماوەری لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بەرێخستووە بۆ پشتگیری لە داواکارییەکانی لە 2007-6-10 ڕوو لە دادگای باڵای تاوانەکان , هاوکات داواش دەکەن پەرلەمان و حکوومەتی کوردستان و هەموو پارت و ڕێکخراوەکان بێنە پشت داواکارییەکانیان .**
**تاکو ئێستا سەدان هاووڵاتی و دەزگای کوردی واژۆیان خستۆتە سەر داواکارییەکان , پێشبینیش دەکرێت , ژمارەی پشتگیرییەکان زۆر بچێتە سەر و ڕۆژی 2007-6-10 لە ناوخۆی کوردستان و دەرەوە کۆبونەوەی جەماوەری ئەنجامبدرێت , لەو ڕۆژەدا جەماوەری کوردیش بە گشتی هەڵوێستی خۆیان لەسەر بڕیارەکانی دادگا دەربڕن .**
**بۆ بەشداریکردن لە کەمپینەکە :**

http://kurdistannet.info/2007/kampin-kimyawi/kampin-ali-kimyawi.htm

## بانگەوازی کەمپینەکە لە خوارەوە

### کەمپینی بەشداری و پشتگیری لە داواکارییەکانی ڕۆژی 2007-6-10 " ڕۆژی تۆڵەی ئەنفال "

**هاووڵاتیانی کورد**

**کەس و کاری قوربانیان**

**پارت و ڕێکخراو کۆمەڵە مرۆڤدۆست و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکان**

پرۆسەی دادگاییکردنی تاوانکاران لەسەر دۆزی ئەنفال , گەیشتە قۆناغی دوا بڕیار , هەرچەندە مخابن ئەم پرۆسەیە نەیتوانی بە چاکی لە خزمەت بە دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ئامانجەکانی خۆی بپێکێك , وەلێ یەکگرتویی ئێمە لە ڕۆژی 10–6 دەتوانێت کۆمەڵێك داخوازی بسەپێنێت لە بەرژەوەندی دۆزی قوربانیاندا,

هاتنه مەیدانی یەكگرتوانەی گەلەكەمان و بەرزكردنەوەی داخوازیەكانی , ڕازی نەبوون بە بڕیاری ناڕەوا ئەركی هەموو كەس و لایەنێكی بەرپرسە , بەرەوڕووبونەوەی هەر بڕیارێكی ناڕەوا ئەركی هەر تاكێكی و گروپ و لایەنێكی كوردییە , ئێمە داخوازەكانی خۆمان ڕوو لە دادگای باڵای تاوانەكان لەم خاڵانەی خوارەدا پوخت دەكەینەوە :

- پێویستە بە ڕوونی دان بەوەدا بنرێت تاوانی ئەنفال كردەیەكی ژینۆسایدە.
- پێویستە بە ڕوونی دان بەوەدا بنرێت كە دەولەتی ئێراق بە تاوانەكە هەلساوە .
- پێویستە هەموو تاوانكاران بڕیاری دادگایان بەسەردا جێبەجێبكرێت, بە هیچ بەهانەیەك نابێت لە كەس ببورن.
- هەموو ئەوانەی لە پرۆسەی دادگاییەكە ناویان وەك بەشداربوو لەو تاوانە هاتووە, كە سەرجەم ناوەكانیان لامان پارێزراوە, دەبێت بانگ بكرێن بۆ دادگا وەك تاوانكار لێكۆڵینەوەیان لە گەڵدا بكرێت .
- بڕیاری سەپاو بەسەر تاوانكاران پێویستە لە شوێنی تاوانەكانیان جێبەجێبكرێت, عەلی حەسەن مەجید لە خانووە ڕوخاوەكەی عومەر خاوەر و تاوانكاری دیكەش لە دەڤەر و ناوچە جیاجیاكان كوردستان " لیژنەیەكی پسپۆری كوردی ئەو دەڤەر و جێگایانە دیارییبكات " , ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە پێویستە لە ناوەندی ئەنجامدانی تاوانەكانیان سزاكانیان بەسەردا جێبەجێبكرێت .

**ئێمە ئەم كەس و لایەنانەی لە خوارەوە ناومان هاتووە پشتگیری لەم داواكارییانە دەكەین , هاوكات داخوازین سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان و پەرلەمانی كوردستان و حكومەتی هەرێمی كوردستان بە فەرمی و ئاشكرا پشتگیری لەم داواكارییانە بكەن** .

| ناو | شوێن | پیشە |
|---|---|---|
| ___ | ____ | _____ |

بۆ پەیوەندیكردن و بەشداریكردن لەم كەمپینە :

chak_org@yahoo.com

# ناوەندی چاك

www.chak.com.uk

2006-5-10